# (( نامەیەک بۆ کارە ))

larzobaker@hotmil.com

نەم ناسی تایەباشتر نەبوو ( کارە )؟!
نە هەستم هێشوی خەمی دەگرت و
نە هەنگم ئاشنای گوڵت دەبوو ...
نە هاورێیەتیم لەگەڵ زەریا .
نەمزانی ئەگەرنا
قەت خۆم نەئەدا لە ڕووباری ئەم کۆچە ،
کێ دەیزانی ( کارە ) ؟
سنگم دەبێتە قەڵغانی ئەم هەورە ڕەشانەو
لە تاریکی خۆم ئەدۆزمەوە.
کەی دەمزانی ئەم نۆتانە
لەوەرزی کام کەمانجە هاتون
بەکام ژێ بیان ژەنم
بەکام گوێ گوێی لێ بگرم ،
کات بەسەرچوو
ئاوازێکم بۆ ئەوخۆشەویستیە لێنەدا
کات بەسەرچوو
گوڵێکم نەخستە سەر گۆری ئەم عشقە
تازە دووای چی
گوڵ بۆ بخەمە سەر گڵ کۆی ئەم حەزە
تازە دووای چی
نە هەنگم لێم خۆش دەبێ
نە تۆش لێم دەبووری.....نە ت ۆ ش لێم دەبووری

لارزۆ بەکر 040331